# لەبارەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە

**ئازاد حەسیب قەرەداغی**

(1)

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە دیباجەیەك و حەوت دەروازە كە سەد و شەست ماددەیان لە خۆگرتووە ڕاگەیەنرا و تاكو سەرەتای مانگی كانوونی یەكەمی ئەمساڵ لەبەر دەستی خەڵكی كوردستاندا دەبێت بۆ گفتوگۆكردن لەبارەیەوە تا پێشنیازی هەمواركردن و چاكسازی و زیاد و كەمكردنی دەروازە و ماددەكانی بكەن و دوای هەموو دەستكارییە چاوەڕوانكراوەكان, لە ڕاپرسییەكی گشتیدا دەخرێتە بەر دەنگدان و ئیتر سیفەتی یاسایی و شەرعی وەردەگرێ و لەماوەی شەست ڕۆژ دوای ڕاپرسییەكە كاری پێدەكرێ وەك یەكەمین دەستكەوتی دەستووریی گەلی كوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەكەی كە پێگەی یاسایی و سیاسی هەرێمی كوردستان لە عێراقی فیدراڵدا دیاری دەكات.

خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پرۆژەی دەستوورە نەزەنێكی پۆزەتیڤ دروست دەكات چونكە هەڵگری بنەما سەرەكییەكانی چەسپاندنی مافە نیشتمانییەكانی كوردستان و مافە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی هاووڵاتیان و هێڵە گشتییەكانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و مافی كاركردن و خوێندن و ئازادییەكان و ڕادەربڕین و ئایین و ڕێكخستنی سیاسی و سەندیكایی و گشت سەرەتاگاكانی دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤە.

ئەگەر دیباجەكەی لە هەندێ ئینشاكاری ڕزگار بكرێ باشتر دەبێ و, هەقی خۆشیەتی ئاماژەیەكی ئیجابی تێدا بێت بۆ دەستوورەكەی 1958 كە شەراكەتی كورد و عەرەبی لە عێراقدا چەسپاند. ئاماژەیەكی ئیجابیشی تێدا بێت بۆ ڕێككەوتنامەی 11ی ئادار وەك دەستكەوتێكی گەورەی شۆڕشی ئەیلوول.

هەروەها ئەمەكداریمانە بۆ سەركردە و ڕابەرانمان, بۆ شێخ عبدالسلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و مستەفا بارزانی نەمر, كە لە یەكەمین دەستووری كوردستاندا ناویان دابنێین بەو پێیەی ئەم دەستوورە بەرهەمی خەبات و قوربانیدان و ئایندەبینی ئەوان و تەواوكەری ئەو كاروانی تێكۆشانە نەتەوەیی و نیشتمانییەیە كە ئەوان لە قۆناغی جیاجیادا ڕابەرایەتییان كردووە.

لە دەروازەی یەكەمدا بنەما سەرەكییەكان لە 17ماددەی زۆر ئیجابیدا كۆكراونەتەوە, سنووری هەرێمی كوردستانی بە كەركوك و هەموو ناوچە تەعریبكراو و دابڕاوەكانی دیكەی ناو پارێزگاكانی موسڵ و دیاله و واسیت دیاری كردووە.

هەرێمی كوردستانی وەك یەك یەكەی فیدراڵی ناساندووە كە نابێ هیچ هەرێمێكی دیكەی فیدراڵی لەناودا پێكبهێنرێت, بە واتایەكی دیكە دەستووری هەرێمی كوردستان وەڵامێكی یەكلاكەرەوەی ئەو بانگەوازانە دەداتەوە كە داوادەكەن كەركوك بە تەنیا و بەجیایی هەرێمێك بێت.

هەرچەندە **(هەرێمی كوردستان, هەرێمێكی فیدراڵە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا)** بەڵام **(دەستووری هەرێم و یاساكانی سەروەرتر و باڵاترن لەو یاسایانەی لەلایەن حكومەتی عێراقەوە دەردەچن)** جگە لەوانەیان كە تایبەتن بە دەسەڵاتەكانی ئەو حكومەتەوە بە پێی دەستووری عێراق. لە سەرینەی ئەمەوە هەر ناكۆكییەك لە نێوانی ئەم دوو دەستوورەدا دروست بێ ئەوا دادگا و دامەزراوە یاسایی و ئیدارییەكانی هەرێم پابەند دەبن بە دەستووری هەرێمەوە نەك بە هی عێراقەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كە یەكگرتنی ئازادانەی گەلی كوردستان لەگەڵ عێراقدا **(بەستراوەتەوە بە پابەندبوون بە دەستووری فیدراڵی و سستمی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموكراتی و فرەلایەنی و ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤەوە)** هەر پێشێلكردنێكی سەروەریی دەستووری فیدراڵی كە وەك پاشگەزبوونەوە بێ لەو بنەما بنچینەییانەی سستمی فیدراڵی و دیموكراسی, یان وەك پەیڕەوكردنی هەر شێوازێكی سیاسەتەكانی جیاكاری نەتەوەیی و ڕەگەزی بێ, یان كاركردن بێ لە پێناوی هێشتنەوەی شوێنەوار و ئاكامەكانی پێشووی ئەم سیاسەتە, ئەو مافە بە گەلی كوردستان دەدات چاو بەو یەكگرتنە ئازادانەی خۆیدا بگێڕێتەوە لەگەڵ عێراقدا. بۆیە سەرەڕای هەر جۆرە ئیختیارێكی هەنووكەیی, هەمیشە **(گەلی كوردستان مافی دیاریكردن و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە)** و دەستووری كوردستان ئەم ئیختیارە ستراتیجییە زیندوو دەهێڵێتەوە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی ئاڵا و سروودی نیشتمانی و ئارم و دروشم و هێزی پێشمەرگە و جەژنی نەتەوەیی خۆیەتی کە نەورۆزە.

چەمك و زاراوەی کەمەنەتەوە بۆ یەکجاری لە کوردستاندا نەهێڵرا و دەستووری هەرێم دەیسەلمێنیٚ کە **کوردستان خاکی گەلی کوردستانە کە لە کورد و نەتەوەکانی دیکە (تورکمان, کلدان, ئاشووری, ئەرمەن و عەرەب) پێکهاتووە** کە هەموومان بە پێی یاسا هاووڵاتی هەرێمین و لە پاڵ زمانی کوردی و عەرەبی کە زمانی رەسمیمانن, زمانی تورکمانی و سریانیش دوو زمانی رەسمین لەو ناوچانەدا کە چڕی دانیشتوانیان تورکمان یان سریانی زوبانن.

سەروەت و سامانی کوردستان موڵکی گەلی کوردستانە و هەموو ئەوەی لەسەر زەمین و ژێر زەمیندان سامانێکی نەتەوەیین بۆ هەرێم و دەرهێنان و بەڕێوەبردن و تەسەروفکردن پێیانەوە بەو مەرجانە دەبن کە **(بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو)**ی کوردستان بپارێزن.

دەستووری هەرێم جەخت لەسەر موسڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بە**(یەکێك)** لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان دادەنیٚ, ئینجا لە دەروازەی دووەمیدا بۆ دەستنیشانکردن و سەلماندنی مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان, بەندەکانی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامە و پەیمانە نێونەتەوەییە شارستانییەکان و و بڕیاردراوە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان و دەستکەوتە ئەزموونکراوەکانی گەلانی دیکەی پێشکەوتنخواز لە بواری ئازادییەکاندا دەکاتە بناغە و سەرەتاگە. لەوێوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە **(هەموو کەسێك مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی و رادەربڕینی هەیە)** و دەبێت (لە بارودۆخێکی بژێوی گونجاو و کەشێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوتۆدا بژی کە ژیانێکی شەرەفمەندانە و خۆشگوزەرانی بۆ دابین کردبێت) و حکومەتی هەرێمیش پابەندە بەوەوە کە **(ئازادی بڵاوکردنەوە و چاپ و رۆژنامەگەری و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتییانە)** دەستەبەربکات و بە پێی یاساش رێکی بخات.

لە پێشەوەی ئەم جیهانبینییە شارستانییەش ئەوەیە کە **(ئافرەت یەکسانە لەگەڵ پیاو و نابیٚ جیاکاری لە دژی بکرێت)**, حکومەتی هەرێمیش پابەندە بەوەوە کە**(هەر شتێك بە بەربەست دابنرێت لەبەردەم یەکسانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری و سیاسیدا, لابەرێت)**.